# هاتەوە یەکی ئایار، ڕۆژی خەباتی کرێکار!

بەختیار مام حەمید،
٢٨-٤-٢٠١١ باشوری کوردستان

بۆ نەگبەتی و قوڕبەسەریی.
هاتەوە یەکی ئایار..
بۆ درۆو فشەی دەسەڵات.
بۆ خەڵاتی ناخەڵات.
بۆ فێڵی ئۆپۆزسیۆن.
بۆ جەژن ورەنگ و تام و بۆن.
هاتەوە یەکی ئایار.
بۆ فرت و جرتی وەرەقە.
بۆ بەفری شادی و گوڵلەو بەردو تەقەو تەرەقە.
بۆ ئێش و دەردو ئازار.
بۆ کولانەوەی زامی چینی چەوساوەی کرێکار.
هاتەوە یەکی ئایار.
بۆ کاری زۆرو کرێی کەم.
بۆ نەبوونی خوانی یەک ژەم.
بۆ خەڵکی دەوروبەر جەژن.
بۆ کارکەرانیش دەردو خەم.
هاتەوە یەکی ئایار.
بۆ پتر ژێردەستەبوونی کرێکار بۆ سەرمایەدار.
لۆ ناشیرینکردنی کار.
بۆ هەزارو یەک درۆی شاخدار.

**هاتەوە یەکی ئایار.**

**یەکی ئایار رۆژی بەرخودانە!.**

**جەژن نیە شایی نیە،تێکۆشانە.**

**تێکۆشانی چینی چەوساوەی جیهانە.**

**دژی سەرمایەی ناشەرعیی خاوەکارەکانە!,**

**هالتەوە یەکی ئایار.**

**ئەی چەوساوەکانی کوردستان.**

**بروا بکەن بێ لە خۆتان.**

**بروا مەکەن، کەس خەمخۆرتان نیە.**

**ئیتر لەمان بێ یا لەوان!.**

**خۆتان بۆ خۆتان وەک چەک بن.**

**لە یەکی ئایاردا یەک بن.**

**وا هاتەوە یەکی ئایار.**